اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة البلديات و السياحة
المديرية العامة للتخطيط العمراني

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی ئاوەدانی

Kurdistan Region - Iraq
Council of Ministers
Ministry of Municipality & Tourism
General Directorate of Urban Planning

No.
Date:

ژمارە :
ڕێکەوت :

بۆ/ پارێزگای / هەولێر/سلێمانی/دهۆک/ هەڵەبجە/ئیدارەی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی / هەولێر/سلێمانی/دهۆک/کەلار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکان/ هەولێر/سلێمانی/دهۆک/گەرمیان
بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی / هەولێر/سلێمانی/دهۆک/گەرمیان

بابەت / ڕێنمایی

هاوپێچ وێنەیەک لە ڕێنمایی تایبەت بە شوێن و دیزاینی وێستگەی سووتەمەنی (بەنزینخانە) لەناو سنوورو قەدەغەکراوی (محرمات) شارەوانیەکان بۆتان دەنێرین بۆ پابەندبوون و کاری پێویست ...لەگەڵ ڕێزدا!

نەورۆز مەولوود محەمەد ئەمین
وەزیری شارەوانی و گەشت وگوزار
٢٠١٦/٦/

تێبینی: بۆ پرسیارو زانیاری پەیوەندی بە ناونیشانی خوارەوە بکەن

وێنەیەک بۆ :-

- وەزارەتی ناوخۆ / بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی
  بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی هاتوچۆ
- وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی / بەڕێوەبەرایەتی گشتی دابەش کردنی سووتەمەنی
- دەستەی ژینگە
- وەقایعی کوردستانی بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەکەتاندا
- بریکاری وەزارەت
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی ئاوەدانی / لەگەڵ بەراییەکان

(بۆ هەمان مەبەست وە ناردنی وێنەیەک لە ڕێنماییەکانتان تایبەت بەبابەتەکە/ لەگەڵ ڕێزدا)

- ڕاوێژکاری یاسایی ( مقیدخار )
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی
- خولاو

(لەگەڵ وێنەیەک لە ڕەشنووسی ڕێنمایی بۆ زانین)

Mobile: 07504545006

2

# ڕێنمایی تایبەت بە شـ ـێن و دیزاینی وێستگەی سوتەمەنی ( بەنزینخانە )

## لە ناو سنوورو قەدەغە کراوی ( محرمات ) شارەوانیەکان

پالپشت بە برگەی سێ یەم لە مادەی حەوتەم لە یاسای بەڕێوەبردنی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە / ١٢ ی ساڵی ٢٠١٠ و مادەی ( ٥٧ ) لە یاسای بەڕێوەبردنی شاردوانیەکان ژمارە / ٦ ی ساڵی ١٩٩٣ ی هەموارکراو ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد :

## بەشی یەکەم

## وێستگەی سووتەمەنی ( بەنزینخانە )

**ماددەی یەکەم** : پێناسەی زاراوەکان

وێستگەی سووتەمەنی ( بەنزینخانە ) : شوێنی فرۆشتنی سووتەمەنی یە ( بەنزین ، گازوا یل ، گاز . ) پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکانی پەیوەست بە ئۆتۆمبیل وە هەروەها پێداویستیەکانی ڕۆژانەش .

**ماددەی دووەم** : جۆرەکانی وێستگەی سووتەمەنی ( بەنزینخانە) و پێکهاتەکانی بە پێ ی ئەو خزمەتگوزاریەی پێشکەشی دەکات پۆلین دەکرێت بۆ سێ جۆر :

١ وێستگەی سوتەمەنی (بەنزینخانەی) سادە ( Basic filling station ) ، ڕووبەری ٨٠٠ م$^2$ کەمتر نەبێت ، لە ناوچە شاخاویەکان لە ٦٠٠م$^2$ کەمتر نەبێت ، پێك دێت لە :

أ) ئامێرەکان (Equipment's)

- تانکی عەمبار (خەزن) کردنی سووتەمەنی : قەبارە ، ژمارە وە قوڵیەکەی لە ژێر زەوی بە پێ ی ڕێنماییەکان .
- پەمپی دیجیتەلی پێدانی سوتەمەنی .
- تۆڕی بۆریەکانی گواستنەوەی سوتەمەنی ژێر زەوی و تەنفیسی تانکی سوتەمەنی .
- چارەسەری ئاوەڕۆ تایبەت بە وێستگە .
- کەرەستەکانی ئاگر کوژاندنەوە (Fire fighting equipment's).

ب) دروست کراوەکان : (Constructions) .

- سەکۆی مزەخە بەرزیەکەی ١٢ سم .
- چوارچێوەی میتالی بەرگ کراو بە پلاستیکی پتەو بە دەوری سەکۆ بۆ پاراستنی .
- شوێنی وەرگرتنی سوتەمەنی لە تانکەرەکان ، بارێزراو بێت ، بارهەلگری سووتەمەنی بە ئاسانی بیگاتێ وە لە کاتی جێهێشتنی پێویست بە گەڕانەوە بۆ دواوە نەکات .
- بنمیچ (سقف) ی سەر پەمپی پێدانی سوتەمەنی .
- ئۆفیسی بەڕێوەبردنی کارەکانی وێستگە .

- شریتێکی سەوزایی بە دەوری سنووری وێستگە کە .

٢- وێستگەی سوتەمەنی (بەنزینخانەی) ستاندارد ( Standard filling station ) : بە رووبەری ١٠٠٠ م$^2$
بە هەمان پێکهاتەی وێستگەی سوتەمەنی سادە بە زیاد کردنی خزمەتگوزاریەکانی :

- ئاو بۆ پاك کردنەوەی جامی ئوتومبێل و پێداویستی تر .
- هەوا بۆ تایەی ئوتومبێل .
- پاك کردنەوەی وشکی ئوتومبێل ( گێسکی کارەبا ، Vacuum cleaner ) .

٣- وێستگەی سوتەمەنی هاوچەرخ (Modern filling station ) : بە رووبەری ٢٠٠٠ م$^2$ بە هەمان پێکهاتەی وێستگەکانی سوتەمەنی سادە و ستاندارد بە زیاد کردنی خزمەتگوزاریەکانی :

- شوشتنگەی ئوتومبیل یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆکەی .
- مارکێتی ( بچووك ) بۆ پێداویستیەکانی ئۆتۆمبێل و ڕۆژانە ( خواردن وە خواردنەوە ....).
- گۆرینی روونی ئۆتۆمبیل و یەکەی تایبەت بە چارەسەری رۆنی بەکار هاتوو .

## بەشی دووهەم

## ( شوێن )

**ماددەی یەکەم** : شوێنی وێستگەی سووتەمەنی (بەنزینخانە) بە پێ ی سنوری شارەوانی .

١- لە ناو سنوری شارەوانی :

- لە شوێنە ئاوەدان کراوەکان : رێپێدراوە .
- لە دەرەوەی شوێنە ئاوەدان کراوەکان : مەرجدار رێپێدراوە ، پاش دیراسەتکردنی پێداویستی شوێنەکە لە لایەن لێژنەی تایبەت . بگونجێ لەگەل ناوەڕۆکی ئەم رێنماییە.
- سەنتەری شار : قەدەغەیە .
- لە ناو سەنتەرە خزمەتگوزاریەکانی : گەرەك وە کۆمەلگا نیشتەجێکان قەدەغەیە .
- لە سەنتەرە خزمەتگوزاریە کەرتیەکان قطاعیەکان وە گەورە تر : رێپێدراوە ، لەسەر شەقامی سەرەکی ، شوێنەکەی لاچەپ بێت کێشە بۆ هاتوو چۆ وە جولەی پیادە دروست نەکات وە بگونجێ لەگەل ناوەڕۆکی ئەم رێنماییە .
- لە ناوچەی بازرگانی وە پیشەسازی بەمەرجێك بگونجێ لەگەل ناوەڕۆکی ئەم رێنماییە .
- تۆرەکانی هاتوو چۆ : رێپێدراوە لە سەر درێژکراوەی شەقامە نێودەولەتی ، دەولەتی ، هەرێمی ، سەرەکیەکان ، بەمەرجێ بگونجێ لەگەل ناوەڕۆکی ئەم رێنماییە .

(4)

- لەسەر شەقامە کۆکەرەوەکان مەرجدار ڕێپێدراوە پاش دیراسەت ، بڕیاری لیژنەی تایبەت وە گونجانی لەگەل ناوەڕۆکی ئەم ڕێنمایيە
- لەسەر شەقامە محليەکانی ( Local road ) ناو گەرەکە نیشتەجێکان قەدەغەیە .

٢- لە قەدەغەکراوی ( محرمات) سنوری شارەوانی : مەرجدار ڕێپێدراوە ، پاش دیراسەتکردنی پێداویستی شوێنەکە لە لایەن لیژنەی تایبەت . بگونجێ لەگەل ناوەڕۆکی ئەم ڕێنمایە بەخشەی گەرتی بۆ ئامادە بکرێت ، ببەسترێتەوە بە دەوروبەرەکەی ، ڕەزامەندی ژینگە و گشت لایەنە پەیوندارەکان وەربگیردرێت .

## بەشی سێ هەم

## ( دیزاین )

**ماددەی یەکەم** : ئامانجی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستنی پەیوەندی پێکهاتەی وێستگەی سووتەمەنی (بەنزینخانە) وە دەورووبەرەکەی بە بەباشترین شێوە لە ڕێگای دیزایین بە مەبەستی :

- ئەنجام دانی ئەم چالاکیانەی کە بۆی دانراوە .
- دلنیایی بوون لە پاراستنی سەلامەتی دەورووبەرەکەی .
- گونجاندنی لەگەل تايبەتمەندی شوێنەکە .

**ماددەی دووەم** : وێستگەی سووتەمەنی (بەنزینخانە) .

١- رووی پێشەوەی پارچە زەویەکە لە ٣٠م کەمتر نەبێت . لە ناوچە شاخاویەکان بگونجێنرێت لەگەل تۆپۆگرافی شوێنەکە ، بە ڕەچاو کردنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە .

٢- شریتی سەوزایی: بە پانی ٣م لەسەر سنوری پارچە زەویەکە و پەرژین بکرێت بە بەرزی ١٥ سم ، جگە لە شوێنی چوونە ژوورەوە وە هاتنە دەرەوەی ئۆتۆمبیل .

**ماددەی سێ هەم** : وێستگەی سووتەمەنی (بەنزینخانە) / دەورووبەر

- دووری لە یەکەی نیشتەجێ لە ٥٠ م وە بینا کۆبوونەوە گشتیەکان ( قوتابخانە ، نەخۆشخانە ، مزگەوت ، هۆلەکانی کۆبوونەوە ، .... ) لە ١٠٠ م کەمتر نەبێت . کەم کردنەوەی دووریەکان پێویستی بە وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندارە ( بەرگری شارستانی ، بەڕێوەبەرایەتی دابەش کردنی سووتەمەنی )
- گەر شوێنی وێستگەی سوتەمەنی هاو سنوور بوو لەگەل پارچە زەوی نیشتەجێ ، بینا کۆبوونەوە گشتیەکان لە تەنیشتەوە یا لە دواوە بە ڕەچاو کردنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێنمایە ، پێویستە دیوارێك بە بەرزی ٣م لەنێوانیان دروست بکرێت .

**ماددەی چوارەم** : وێستگەی سووتەمەنی (بەنزینخانە) / ئامێرەکان / دەورووبەر :

١- ئامێرەکان

5

١- دووری تانکی سوتەمەنی ژێر زەوی لە :

- سنووری پێشەوەی پارچە زەویەکە ١٠ م دوور بێت .
- لە سنووری پارچە زەویەکانی دەورووبەر ٣٠ م دوور بێ .
- هاتووچۆی ئۆتۆمبێل لای کەم ٢ م دوور بێ .
- لە شوێنی وەرگرتنی سووتەمەنی ١٠ م دوور بێ .
- مزەخەی پێدانی سوتەمەنی لە ١٠ م کەمتر نەبێت .
- سەری دانەپۆشرێ بەهیچ شێوازێك .

٢- وەرگرتنی سووتەمەنی لە شوێنێك بێت :

- هەلگری سوتەمەنی بتوانی بەبێ کشانەوە وێستگە بەجێ بهێلێت.
- گیروگروگرفتی هاتووچۆ دروست نەکات بۆ ئوتۆمبێلەکانی تر لە کاتی بەتال کردنی تانکەری سووتەمەنی .

٣- مزەخەی پێدانی سوتەمەنی :

- ١٠م دوور بێت لە سنووری پێشەوەی پارچە زەویەکە .
- ٦م دووربێت لە ئۆفیسی وێستگە .

ب) دروست کراوەکان

١- سەکۆی مزەخە : بەرزی ١٥ سم ، چوارچێوەی لاستیکی پتەو بۆ پاراستنی .

٢- ئۆفیسی وێستگە دووریەکەی ١٢ م لە سنوری پێشەوەی پارچە زەویەکە کەمتر نەبێت.

٣- بنمیچی ( سە قیفەی ) پەمپی پێدانی سووتەمەنی : بەرزی ٥ م ، کشانەوەی لە سنووری پێشەوە لە ٦ م وە لە بیناکانی دەوروبەر لە ٦م کەمتر نەبێت .

٤- تابلۆی ڕێکلام و هێماکان بە پێی ڕێنماییەکانی مۆڵەتی بینا .

**ماددەی پێنجەم : وێستگەی سووتەمەنی (بەنزینخانە) / تۆڕی هاتوو چۆ .**

١- وێستگەی سووتەمەنی (بەنزینخانە) نابێت لە هیچ شوێنێك ڕێگای پێبدرێ کە چوونە ژوورەودو دەرچوونی ئوتومبێلەکان دەبێتە هۆی دروست بوونی گرفت بۆ هاتوو چۆ یا لە چەماوەی ( Curve) بچوك بێت ، ئاستەنگ دروست بکات بۆ دیدی بەشدار بوان .

٢- دووری وێستگەی سووتەمەنی (بەنزینخانە) لە :

- (U-Tern) ی دوورگە ناوەندیەکان لە ١٠٠م کەمتر نەبێت.
- چوار ڕییان ١٠٠م وە چوار ڕییانی شەقامە سەرەکیەکان ٣٠٠م کەمتر نەبێت .
- بەرزە پرد و نەفەق ٥٠٠ م وە لەخاڵی پشکنین ٣٠٠ م کەمتر نەبێت .
- وێستگەی سووتەمەنی (بەنزینخانە) تر هەمان لا : لە ٥٠٠ م و بەرامبەر یەك ، لە ١٥٠ م کەمتر نەبێت .

٣- چوونە ژوورەوەو دەرچوون :

- دووریان لە یەکتر لە ١٥ م کەمتر نەبێت .

- گەر زدویەکە روکن بێت : دووری جوونە ژووردوە ٢٥م لە سوچی روکنەکە کەمتر نەبێت ، دەرچوون لەسەر شەقامی لاودکی ، دووریەکەی لە سوچی روکنەکە ١٥ م کەمتر نەبێت
- پانیەکەی لە ٦ م کەمتر نەبێت ، گۆشەکەی لە ٦٠° زیاتر نەبێت .
- دیدی ( روئیە ) شوفیران نابێت بگیردرێت بە ( درەخت ، تابلۆ ی رێکلام و هێماکان ... ).

## بەشی چوارەم

## ( جۆراو جۆر )

**ماددەی یەکەم** : کار بە هیچ رێنماییەك ناکرێت هاودژ بێت لەگەل ئەم رێنماییە .

**ماددەی دووەم** : کار بەم رێنماییە دەکرێت لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وقایعی کوردستان ).

نەورۆز مەولوود محەمەد ئەمین

وەزیری شارەوانی و گەشت وگوزار

٢٠١٦/٦/٢٩